
گولان



خانمە گۆرانیبێژی ئێرانی
لەیلا فروهەر تایبەت بۆ گوڵان:

# هیوادارم ڕۆژێک ئەو هەلەم بۆ بڕەخسێ کە بۆ جەماوەری کوردی گۆرانی بڵـــێم

■ زۆرێك لە ئێمە خانمە هونەرمەند لەیلا فروهەرمان لە رێگای گۆرانی (بەرزی بەرزی) ناسیوە و هەندێك لە ئێمەش لەبەر ئاشنا بوون و تێکەڵی بە هونەری ئێرانی یان بەهۆی ئاوارەیی چەندین ساڵە لە ئێران ئاشنایەتی بە دەنگ و هونەری لەیلا فروهەر پەیدا کردووە، خاتوو فروهەر یەکێکە لە خانمە هونەرمەندە بەناوبانگەکانی ئێران، چونکە بەر لەوەی گۆرانی بڵێ کاری نواندنیشی ئەنجامداوە شان بەشانی باوکی (جیهانگیر فروهەر) کە یەکێك بوو لە ئەکتەرە بەرچاو و دیارەکانی ئێران و بەشداری لە زیاتر لە ٨٠ فیلمدا کردووە، دایکی لەیلا فەرەنگیس فەرحزاد ئەویش ئەکتەر بووە و بەشداری لە چەندیە کاری هونەریدا کردووە، لەیلا فروهەر لە شاری ئەسفەهان لەدایکبووە، سەرەتا بەشداری لە چەند شانۆگەرییەکدا کرد، دواتر لە چەند فیلمێك وەك( موراد و لالە و کەڵەشێری شەڕی) هاتە نێو بواری سینەمای ئێرانی ئەو کات تەمەنی زۆر بچووك بوو بۆیە نازناوی( منداڵە بچووکەکەی سینەمای ئیرانی) یان پێ بەخشی، کە بەشداری لە فیلمی (سوڵتانی دڵەکان)دا کرد تەمەنی نۆ ساڵ هەر بۆیەش گەورە ئەکتەر و دەرهێنەری ئێرانی (محەمەد عەلی فەردین) ئاهەنگی نۆ ساڵەی لەدایکبوونی لەیلای لە بارەگای سەنلیکای هونەرمەندانی ئێرانی بۆ ساز کرد.

لە لایەن مامۆستا تاج بەخش فێرە ژەنینی ئامێری سێتار بووە لە تەمەنی چواردە ساڵیدا پارچە مۆسیقای (شەمیم)ی پێشکەش کرد بە ئامادەبوونی نزیکەی ٤٠ مۆسیقا ژەنی دیکە ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری بەسەر لەیلاوە هەبوو، لەیلا جگە لەوەی گۆرانی بە فارسی گوتووە بە هەما شێوە بە شێوازی (پۆپ) و بە زمانی دیکەش گۆرانی گوتووە، لە ئەلبوومی (پلانت ئۆف هارمونی) کە لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو بڵاویکردەوە بە نۆ زمانی دیکە گۆرانی گوتووە وەك کوردی، ئەرمەنی، ئینگلیزی، ئیتاڵی، یۆنانی، ئیسرائیلی، تورکی ئەفغانی، عەرەبی،سەرەڕای گۆرانی فۆلکلۆری ئێرانی.

بەر لە چەند مانگێك لە رێگای ویب سایتەکەیەوە خەریکی ئەنجامدانی دیمانەیەك بووین لەگەڵ، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو خەریکی کاری چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەلبوومە نوێیەکەی خۆی بوو، بۆ چەند جارێك ئەم دیمانەیە دواکەوت، تا دوای بڵاوکردنەوەی ئەلبوومەکەی بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە. ■

دیمانە/ خەلیل بلەیی
Xalil2001@yahoo.com

***گۆرانی ( بەرزی بەرزی ) کە بە زمانی کوردی گوتت دەنگ و سەدایەکی زۆری هەبوو بە تایبەتی لە لایەن ئێمەی کورد، چی وای لێکردی بە زمانی کوردی گۆرانی بڵێی؟**

- گۆرانی (بەرزی بەرزی )م لە ئەلبوومی (PLANT OF HAR-MOUNY) گوتووە، بە شێوەیەکی گشتی بیرم لەوە دەکردەوە کە بە زمانی جۆراوجۆرەکانی میللەتانی دەوروبەر گۆرانی بڵێم بەتایبەتی ئەوانەی کە دەتوانم گۆرانییان پێ بڵێم ئەوەش یەکێك بوو لە حەزەکانم و سووریش بووم لەسەر ئەو حەزەی خۆم، کە ئەلبوومەکەم تەواو کرد ئەو گۆرانییەم هەڵبژارد، هەروەها لە سەرەتای کاری هونەریمەوە هەوڵمدا بە زمانەکانی کوردی، تورکی، شیرازی، بەندەری گۆرانی بڵێم و سەرکەوتوو بووم لەو بوارەدا.

*** کێ لە گوتنی ئەم گۆرانییە یارمەتیدای و ئایا نیازی ئەوەت هەیە ئەم کارە دووبارە بکەیتەو؟**

- هونەرمەندی کوردی کازم رەزازان پێشنیاری ئەوەی کرد کە من گۆرانی بەرزی بەرزی بڵێم و زۆریش یارمەتیدام تا بتوانم ئەم گۆرانییە زۆر بە باشی بڵێم و تێیدا سەرکەوتووبم، پێشتریش تاقیکردنەوەی دیکەم لەگەڵی هەبوو کە زۆر سەرکەوتوو بوو، بەڵێ حەز دەکەم جارێکی دیکەش ئەم تاقیکردنەوەیە دووبارە بکەمەوە و بە زمانی کوردی گۆرانی بڵێم.

*** تۆ گۆرانیبێژێکی فارسی، بەڵام ئایا چ زانیارییەکت هەیە دەربارەی گەلی کوردو هونەری کوردی؟**

- هەردوو هونەرمەندی کوردی رەزازان و جەمشید لە نزیکەوە دەناسم و پەیوەندیم لەگەڵیان هەیە، هەروەها گوێ لە زۆر گۆرانیبێژی دیکەی کوردیش دەگرم کە کاری هونەری جوانیان پێشکەش کردووە و لە ئاستێکی بەرزدان.

*** ئەگەر بەراوردیان بکەین، ئایا چ لێکچوونێك هەیە لەنێوان هونەری کوردی و فارسی؟**

- گۆرانی کوردی شێوەی رێتمی دوو لەسەر چوارە کە ئیقاعی زۆری تێدایە و هێزێکی زۆری پێویستە، هەروەها لە فارسیش بە هەمان شێوەیە، بە بڕوای من ئێمە لە ئێران ئەو شانسەمان هەبوو کە سوود لە رێتمە جۆراوجۆرەکانی مۆسیقای گەلانی ئێران وەربگرین وەك زمانی کوردی، تورکی، شمالی لەگەڵ میلۆدی جیاجیا کە هەر یەکیان تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، ئەمەش بۆتە یەکێك لە هۆکارەکانی فرەیی و رەنگاورەنگی مۆسیقای ئێرانی.

*** تۆ بە فیلمی سوڵتانی دڵەکان دەستت بە کاری هونەری کرد، ئەی چۆن بوو رووت لە بواری گۆرانی گوتن کرد؟**

- بە هۆی ئەوەی کە دایك و باوکم هەردووکیان ئەکتەر بوون، منیش سەرەتا رووم لە بواری نواندن کرد و هەر لە تەمەنێکی زوودا کە بەشداریم لە فیلمەکاندا دەکرد گۆرانیشم دەگوت، چونکە حەزم لە گۆرانی گوتن بوو، هەر ئەو کاتیش بۆم دەرکەوت کە دەتوانم گۆرانیش بڵێم، هەروەها لەبەر ئەوەی بنەماڵەی دایکم هەموویان دەنگخۆش بوون و خوشکێکی دایکم گۆرانیبێژ بوو، لە رادیۆ و تەلەفزیۆن گۆرانی دەگوت و زیاتر گۆرانی شیرازی دەگوت، خۆشبەختانە گۆرانی گوتنم لە بنەماڵە دایکم و بەهرەی ئەکتەریشم لە دایك و باوکمەوە بۆ ماوەتەوە، من عاشقی گۆرانی گوتن و نواندن بووم ئێستاش بە هەمان شێوەیە، بەڵام بەداخەوە دوای ئینقلاب

●●●
بە هۆی ئەوەی کە دایک و باوکم هەردووکیان ئەکتەر بوون، منیش سەرەتا رووم لە بواری نواندن کرد
●●●

●●●
لە ئێران ئەو شانسەمان هەبوو کە سوود لە ریتمە جۆراوجۆرەکانی مۆسیقای ئێران وەربگرین وەک زمانی کوردی، تورکی، شمالی
●●●

بارودۆخەکە لە دەرەوەی وڵات نەڕەخسا بۆ ئەوەی وەك ئەکتەر بەشداری لە فیلمدا بکەن تەنیا ئەو شانۆگەریانە نەبێت کە لەگەڵ ئاغای (پەرویز ســەییاد) بەشداریم تێیدا کرد کە دەرفەتێکی بۆ رەخســاندم کاری نواندن بکەم.

*** باوکــت کە ئەکتەرێکی بەناوبانگ بوو چ رۆڵێکی هەبوو لە پێگەیاندنی تۆ وەك ئەکتەر؟**

- وەك گوتــم دایــك و باوکم مامۆســتای من بوون بەتایبەتــی لە بواری نواندندا و من شــانازییان پێوە دەکەم کە لەوانەوە فێرە کاری ئەکتەری بووم.

***ئێوە لە ماڵەوە چەند خوشــك و بران، جگە لە تۆ و باوکت لە خانەوادەکەتان کەســی دیکە کاری هونەری ئەنجامداوە؟**

- مــن دوو خوشــك و پێنــج برام هەیــە، یەکێك لە براکانم (کامەران فروهەر) ئێســتا لــە ژیاندا نەماوە ئەویش ئەکتــەر بوو و کاری وەرگێڕانی فیلمیشــی ئەنجام دەدا، هەروەها (فەریبا)ی خوشکم لە تەمەنی منداڵیدا گۆرانی دەگوت و لەم ســاڵانەی رابردووشدا وەك مەنیجەر ئەرکــی راپەڕاندنی کارەکانی منی لە ئەســتۆ گرتووە و راوێژکاری منە، برایەکی دیکەشم بەناوی (حەمید) ئێستا کاری مۆسیقا ئەنجام دەدات و دەرهێنــەری تەلەفزیۆنییــە، بــەڵام زیاتر لەگەڵ ئەمریکییەکاندا کار دەکات.

*** تا ئێســتا بەشداریت لەچەند فیلمدا کردووە؟ یەکەم و دوایین فیلمت بەناوی چی بوون؟**

-من بەشداریم لە نزیکەی ٤٥ فیلمدا کردووە بەر لە ئینقلاب و یەکەم فیلمم بە ناوی (موراد و لالە) بوو و دوایین فیلمیشم بەناوی( باخی بلۆرین- باغ بلور) بوو لەگەڵ ئەکتەری گــەورەی ئێرانی ئاغای (فەردین) کە ئێستا لە ژیاندا نەماوە بەشداریم کــرد، ئــەم فیلمە لەسەردەمی ئینــقلاب بوو بۆیە رێگای بــڵاوکــردنــەوەیــان پێنەدا و هەر وەکو خۆی مایەوە.



**لە سەرەتای کاری هونەریمەوە هەوڵمدا بە زمانەکانی کوردی، تورکی، شیرازی، بەندەری گۆرانی بڵێم و سەرکەوتوو بووم لەو بوارەدا**

**ھەواڵی کۆچی دوایی خاتوو مەھەستی زۆر کاری تێکردم، من ئەوم زۆر خۆشدەویست**

**گوێ لە زۆر گۆرانیبێژی دیکەی کوردیش دەگرم کە کاری ھونەری جوانیان پێشکەش کردووە و لە ئاستێکی بەرزدان**

*** گەورە ھونەرمەندی ئێرانی خاتوو مەھەستی کە بەر لە ماوەیەك کۆچی دوایی کرد، چ کاریگەرییەکی بەسەر تۆوە ھەبووە؟**

- ھەواڵی کۆچی دوایی خاتوو مەھەستی زۆر کاری تێکردم، من ئەوم زۆر خۆشدەویست، یەکێك بوو لە باشترین گۆرانیبێژەکانی ئێران کە کاری زۆر جوان و پڕ بەھای پێشکەش کردووە، و ھەمیشە بە زیندوویی لەنێوماندا دەمینێتەوە، من باشم لە یادە ئەو کاتی تەمەنم سێزدە ساڵان بوو و چووم بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی دەنگ لە لای مامۆستاکان، ئەو کات یەکێك لە گۆرانییەکانی خاتوو مەھەستیم پێشکەش کردن بەناوی (دارم سوئالی ئەی خودا) و ھەر لەو کاتەوە حەزم لە گۆرانییەکانی ئەو خانمە ھونەرمەندە کرد، یادی بەخێر.

***پەیوەندیتان لەگەڵ ھونەرمەندانی دیکەی ئێرانی لە ئەمریکا چۆنە؟**

- پەیوەندیم لەگەڵ ھەموویان زۆر باشە و ھەموویانم خۆش دەوێت و رێزیان دەگرم.

*** چ پەیامێکت ھەیە بۆ ھەوادارانی دەنگی خۆت لە کوردستان؟ و ئایا ئەگەر رۆژێك بانگھێشت بکرێی بۆ کوردستان سەردانی کوردستان دەکەی؟**

- ھیوادارم کە دەرفەتێك بۆ ھونەرمەندان بڕەخسێ بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن کاری جۆراوجۆری دیکە ئەنجام بدەن و مۆسیقای زیاتر و زیاتر بە گوێی دونیا بگەیەنن، ئەگەر بۆ من دەرفەت ھەبێت بۆ ئەوەی کۆنسێرت ئەنجام بدەم ئەوا زۆر بە خۆشحاڵییەوە قبوڵی دەکەم و زۆریش خۆشحاڵ دەبم کە بۆ کوردە ئازیزەکان گۆرانی بڵێم.

*** ئەگەر بە کورتی باسی ئەلبوومی ( مانگی من ـ ماھیَ مەن) مان بۆ بکەی کە دوایین کاری تۆیە؟**

- ئەلبوومی (ماھیَ مەن) دوایین کاری منە گشت ئاوازەکانی و دابەشکردنی لە لایەن رامین زەمانی کە یەکێکە لە باشترین مۆسیقا زانەکانی ئێستا و تێکستەکانی شاعیری ئێرانی (مەریەم حەیدەریی)ە کە ئێستا لە ئێران دەژی و یەکێکە لە شاعیرە زۆر گەنجەکان، بەڵام شیعرەکانی پڕ بەھا و مانان و پێشکەشی منی کردووە، ھەروەھا (مەھیار کازم زادە) کە (مەجنوون دەگاتە لەیلا) بۆ من ئامادە کردبوو و(کانی یان) و (خەشایار) کە ھەموویان زەحمەتێکی زۆریان کێشا لە تەواوکردنی ئەلبوومی (ماھیَ مەن)، من کارەکانی ئەم ئەلبوومەی خۆم زۆر بە دڵە و بە یەکێکە لە کارە جوان و جۆرەکانی خۆمی دەزانم و ئەم بەڕێزانە لە کارەکانیدا بەشدار بوون، وێنەگری بەناوبانگی فۆتۆگرافی (سەعیدی نۆشین فەر) کە چەندین وێنە و گرتەی جوانی گرتووە، دەرھێنەری بەناوبانگی ئێرانی (عەلیرەزا ئەمیر قاسمی) و کامیرامان (کوجی زادۆری) و کۆمپانیای MZM کە کاری چاپ و بڵاوکردنەوەی لە ئەستۆ گرتووە، ھەروەھا نابیَ رۆڵی (فەریبا فروھەر)ی خوشکم لە یاد بکەم کە دەستێکی باڵای ھەبوو لە گشت کارەکانی ئەم ئەلبوومە و بە یارمەتی و ھاوکاری ئەمانە ھەموویان توانیم ئەو کارە جوانە ئەنجام بدەم و پێشکەشی جەماوەری خۆمی بکەم لەسەرتاسەری دونیا.



*** لە کۆتاییدا چیت ماوە بە خوێنەرانی گۆڤاری گوڵانی رابگەیەنی؟**

-زۆر سوپاسی ئێوە دەکەم کە ئەو دەرفەتەتان بۆمان رەخساند کە ئەم دیمانەیە لەگەڵ گۆڤاری گوڵاندا ئەنجام بدەم، ھیوادارم رۆژێك ئەو ھەلەم بۆ بڕەخسێ کە بۆ جەماوەری کوردی گۆرانی بڵێم و ھیوای سەرکەوتن و سەلامەتییان بۆ دەخوازم.



# دەز دەنیز لە مۆزیكی خۆیدا سەنتێزی رۆژهەڵات و رۆژئاوا دەكات

**خانمە هونەرمەندی كورد دەز دەنیز یەكەم ئەلبومی مۆزیكی(هیپ- پۆپ)ی دەرخست، دەز دەنیز بە زاراوەكانی كرمانجی، سۆرانی و زازایی موزیكی رابی سازكردووە، ئەو لەو بڕوایەدایە كە كەسانی(٧-٧٠)ساڵی زۆر بە گەرمی پێشوازی لە بەرهەمەكانی دەكەن، دەز دەنیز ستایلی كاركردنی خۆی وەكو سیاسەت و هونەر ناوزەند دەكات و دەخوازێت سەنتێزی رۆژهەڵات و رۆژئاوا لەیەك نزیك بكاتەوە.**

**دەز دەنیز لە تەمەنی(٧)ساڵیەوە، تێكەڵی موزیكی هیپ- هۆپ بووە و پەروەردەی موزیكی و دانسی بینیوە و لە ماوەی چوارساڵی رابردوو لە فیستیڤاڵ و ئاهەنگی تایبەت و كۆنسێرتان بەشداری كردووە، بۆ ماوەی ساڵ و نیوێك دەبێت گرانایی و بایەخی بەكاری ئەلبووم داوە، دەز دەنیز دەڵێت لەسەرەتا ئامانجی دەرخستنی ئەلبوم نەبووە، بەڵام لەسەر داخوازی گوێگرانی ئەلبومی دەرخستووە.**

كۆڵن، ئەڵمانیا

دەز دەنیز دەڵێت: موزیكی هیپ- هۆپ سەرەتا وەكو شێوازی موزیك سەرهەڵدان دەركەوتووە، بەڵام ئێستا لە ئەوروپا، هاوكات دەز دەنیز دەخوازێت بەكوردی رەنگێك بداتە هیپ و هۆپ بەبێ ئەوەی وان لە راستی خۆیان دوور بخاتەوە، جگە لەوەی لاوان كۆ دەكاتەوە لەسەر موزیكی پەروەردەیان دەكات.


دەز دەنیز لە ساڵی ١٩٨٤لە شارۆچكەی(میدیات)ی سەر بە شاری ماردین لەدایكبووە، لە قۆناغی خوێندنی ئامادەیی بووە، بنەماڵەكەیان كۆچی ئەوروپایان كردووە، بۆ ماوەی(١٢)ساڵ دەبێت لە ئەڵمانیا دەژی، دەنیز لە ئەڵمانیا لە بەشی ئاسیستانیا دكتۆرەی لەسەر نەخۆشی شەكرە پەروەردەی پیشەسازی دێنێ، لەگەڵ موزیكدا، كاری پیشەسازیش دەكات.

**ئەڵبوومی تازە(ئەوە كێشی بوو)**

دەز دەنیز لە یەكەمی ئەلبوومیدا گرانایی بایەخی جەسەنتێزی رۆژهەڵات و رۆژئاوا داوە، ئەم ئەڵبوومە لەلایەن كۆمپانیای میر بەناوی ئەوە كێی بوو دەركەوت و(١٠) گۆرانی لەخۆدەگرێت، دەربارەی ئەڵبوومەكە دەنیز دەڵێت: هۆنراوە و وتنی هی خۆمە، تایبەتمەندیەكی موزیكی هیپ هۆپ ئەوەیە كە مرۆڤ خۆی گۆرانیەكە بنوسێت، لەبەر ئەوەی پێویستە فكری خۆی باس بكات،


# گۆڤاری ویست









هەروەها لەم ئەلبوومەدا هونەرمەدانی وەکو سوناتونج بەشداری تیادا دەکەن دەز دەنیز بەمشێوەیە باس لە ناسینی موزیکی هیپ هۆپ دەکات، ئەو کاتەی لە قوتابخانە دەمخوێند خوێندکاران کۆ دەبوونەوە بۆ ئەوەی زیرەکی نیشانی یەکتری بدەین، ئێمە گوێمان لەم موزیکانە دەگرت و لاوزە زیرەکەکان دانسیان دەکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی زمانی بیانیان نەدەزانی، نەیاندەزانی چ بڵێن بەڵام دوای ئەوەی من فێری زمانی بیانی بووم، دەربارەی ئەو موزیکە لێکۆڵینەوەم کرد. لەبەر ئەوەی موزیکی سەرهەڵدان دڵی منی خۆش دەکرد.

### سیاسەت و هونەر

دەنیز لەم بڕوایەدایە ڕێبازی ئەم موزیکە پەیوەندی بە سیاسەت و هونەرەوە هەیە و دەیانگەیەنێتە یەکتری، دەنیز دەڵێت ئەو سەرەتا تەنیا یەك وشەی بە کوردی نەدەزانی لەبەر ئەوەی ئێمە لە وڵاتێك دەژین کە زمانمان قەدەغەکراوە و قوربانی سیاسەتی نکۆڵیکردنین، من لە ئەورپا فێری زمانی کوردی بووم، ئێستاش بەردەوام زمانەکەم پێش دەخەم، لەبەر ئەمەش من دەستم بە موزیك کرد، بۆ زیندوکردنەوەی ئەم زمانە قوربانییەکی زۆردراوە، پێویستە ئەو زمانە بەرەوپێش بچێت.

### یەکەمین هیپ پۆپی ژنی کورد

دەز دەنیز رایگەیاند ئەو یەکەم ژنی کوردە هیپ هۆپی موزیکی سازکردووە و لەسەر شانۆ گوتوویەتی، دەز دەنیز لەمبڕوایەدا هیپ هۆپی پێش دەکەوێت لەناو جیهاندا بڵاو دەبێتەوە، دەز دەنیز رایگەیاند گۆرانییەکانی گرفتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەڵێتەوە لەبەر ئەمەش لەم بڕوایەدایە بە زیندووی لەنێو گەنجان دەمێنێتەوە زۆر بە گەرمی پێشوازی لێدەکرێت، شێوازی موزیکی هیپ هۆپ دەتوانێت بە باشترین شێوە سیاسەت و هونەر پێشکەش بکات.

دەنیز رایگەیاند ژنی کورد زۆر بە هەستیارەوە سەیری موزیکی هیپ هۆپ دەکات و هەندێك ژنی کرد دەڵێن ئەوە چییە؟ هەندێکیش دەڵێن چەند خۆشە، بەڵام تائێستا هیچ کەسێك لەمبارەیەوە ڕەخنەی لەمن و لە موزیکەکەم نەگرتووە، بە پێچەوانە چەندین من وەکو نموونە سەیر دەکەن و منداڵەکانیان دەنێرنە لای من دەز دەنیز پێی باشە، بینەری کورد لە شوێنی ئەوەی سەیری هونەرمەندانی تورك بکات واباشترە سەیری هونەرمەندانی کورد بکات ئەویش لەمبوارەدا خۆی کردۆتە نموونە، ئەمەش زیاتر دڵی من گەرم دەکاتەوە.

دەز دەنیزی کچە کوردە بۆ ئەوەی زمانی خۆی پێش بخات لە پەیمانی کوردی پەروەردە دەبینێ و هەوڵ دەدات بەبێ کەموکوڕی زمانی کوردی بەکار بێنێت.

دەنیز بەگشتی لە موزیکدا سەنتیزی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەکاردێنێت و ریتمی ئەمریکی لەگەڵ مۆتیفی کوردی ڕێك دەخات بەمشێوەیەش هیپ هۆپ دەوڵەمەند دەکات.

دەز دەنیز ئێستا سەرقاڵی ئامادەکردنی کلیپێکە بۆ ئەلبوومە تازەکەی، هەروەها خۆی باس دەکات لەم بڕوایەدایە دەگاتە جەماوەرێکی زۆر فراوان.



# ئەڤین وەڵات لەشەوێکی تاریکدا دەکات

**■ هونەرمەندی دەنگ زوڵاڵی شاری عەفرین-ی ڕۆژئاوای کوردستان ئەڤین وەڵات، ماوەی ١٧ ساڵە لەئەوروپا دەژیت، لەئاهەنگ و بۆنە نەتەوەییەکاندا بەدەنگە بەجۆشەکەی دڵی ئامادەبووانی ئاهەنگەکان بەگۆرانی فۆلکلۆری گەش دەکات. ناوبراو چەند ڕۆژێك لەمەوبەر کاری وێنەگرتنی دوو کلیپی تەواوکرد. هەردوو کلیپ لەهەرێمی کورداخ بەکامێرای وێنەگری ناودار نیداڵ زەینۆ تۆمارکراوە. دابەشکردنی مۆزیك لەلایەن هونەرمەند بروسك شێخۆ کوڕی هونەرمەندی نەمر (محەمەد شێخۆ). ئەم کلیپانە لەشوێنەکانی وەك (باسووتێ- قەڵای سامان- نەبی هوری و گۆڕەپان) وێنەی کێشراوە. هەردوو کلیب و سیدییەکە بەرهەمی تازەی ئەڤین وەڵاتن. جێی باسە یەکەم بەرهەمی ئەڤین وەڵات بەناوی (تۆ لەیاد ناکرێی) کە هۆنراوەکانی لەلایەن خەمگین ڕەمۆ دانراوە و ئاوازەکانی هونەرمەند سەفقان کاری لەسەر کردووە. ئەم بەرهەمەی ئێستای خانمی وەڵات لەئاواز و هۆنراوەی هونەرمەندی هەست ناسك خاڵید سۆفی-یە بەناوی (شەوێکی تاریك) کە هەشت تراك لەخۆ دەگرێت.بۆئەوەی زێتر ڕۆبچینە نێو پەنجەرە گۆرانییەکانی خاتوو ئەڤین، بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسێك دەداتەوە:■**

*** دەڵێن شـــاری عەفرین لەدووش شت زۆر بەناوبانگە، ئەم دووشتە چییە؟**

-عەفرین بەردەوام ســەوزە، جگە لەمـــەش زەیتونی زۆرە، هەروەها هەنار و ترێی زۆرە، ئەمانەش بەهۆی ئەوەن لەم شارەدا سەرچاوەیەکی زۆر ئاو هەیە، بەشێکی خاکەکەی ڕەنگی سوورە.

***ئایا ئەڤینداری ئەڤین ولات تەنیا بۆ وڵاتە یاخود بۆ کەســێکی دیکەیە؟**

- من دەتوانم بڵێم من یەکەم هونەرمەندی ژنی خەڵکی عەفرینم و لە چەندین شوێن گەڕاوم و گۆرانیم گوتووە، من تائەو کاتەی لەوڵات بووم(واتە لە عەفرین بـــووم) نەمدەتوانی گۆرانی بڵێم، دوای ئەوەی گەیشـــتمە ئەوروپا لەمبوارەدا ئاسوودە بووم، ئیتر دەتوانم بەشێوەیەکی کراوە لەبەرامبەر گەل بووســـتم، بەڵام لە کوردستان کەلتووری کوردان بەهیچ شـــێوەیەك ڕێگا نادات یاخود بەچاوێکی جیاواز ســـەیری ئەو ژنانە دەکرێت کە گۆرانی دەڵێن.

*** ئەڤین ولات لە تەمەنی چەند ساڵی لە بواری هونەریدا خزمەت دەکات؟**

-من تەمەنم نۆ ســـاڵان بوو دەستم بە گوتنی گرانی کرد، بەراستی باوکـــم هیچ دەرفەتی نەدەدام، ڕۆژێك لـــە بونەکان گۆرانی بڵێم، ئەم حەســـرەت و ئاخینە لەدڵی مندا مایەوە تا ئەو کاتەی شـــووم کرد و گەیشتمە ئەڵمانیا، لێرەدا بەڕێزەوە باسی پیاوەکە دەکەم زۆر پشتگیری کردووم و گوتی: بڕۆ گۆرانی بڵێ لەبەر ئەوەی دەنگت خۆشە، ئامانج و هیوات هەیە، پێویستە مرۆڤ لە پێناو ئەو خەیاڵانەی هەیەتی کار بکات تێبکۆشـــێت، لەبەر ئەمەش من بەهاندانی ئەو توانیم لە ئەوروپا لە زۆر بۆنە و ئاهەنگەکان بەشداری بکەم.

بەڕاســـتی کارکردن لەبواری هونەر و گۆرانی گووتندا لەلای من وەکـــو خەون و خەیاڵ وابوو، من ویســـتم ژنی کوردســـتان بە زمانی گۆرانی بڵێت، بۆ ئەوەی هەموو جیهان شـــاهیدی پێشکەوتنی ژنانی کورد بن.

*** ســـتایلی تۆ چییە؟ مۆسیقای تۆ پتر ئاراستەی کێ دەکرێت؟**

- لەراستیدا تائێستا ســـتایلێکی تایبەت بەخۆم نییە، بەڵام بەگشتی من لەســـەر بەرهەمی فۆلکلۆری کاردەکـــەم، دوای ماوەیەکی دیکە ئەلبوومەکەم دەردەکەوێت ئەو کاتەی دەرکەوت ستایلی من دیار دەبێت، مۆســـیقا و گۆرانیەکانی من دەتوانم بڵێم ئاراستەیەکی گشتی هەیە، خەڵکی گەنج و بەساڵاچوو بە ژن و پیاو گوویم لێدەگرن.

* تۆ باســـی ئەلبوومت کرد، تائێســـتا چەند سیدت هەیە، ئەگەر تائێستا دەرنەکەوتووە، هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟

- هۆکاری سەرەکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە منداڵەکانم وردن و بچوکن، دوو منداڵـــم هەیـــە بەناوکانی ئەلەند و هۆگر، جگە لە مەســـەلەی منداڵەکان کێشەی ئابووریش گرفتێکی سەرەکییە لەبەر ئەوەی تۆ بۆ دەرخستنی سیدییەك ڕوو لە هەر کۆمپانیایەك دەکەیت داوای پارەیەکی زۆر دەکات، لەبەر ئەمەش کاری دەرخســـتنی ســـیدی و بەرهەمەکان کـــەم دەبێت، لەبەر توانای پەیداکردنی ئەم ســـەرمایەمان نییە، لەبەر ئەمەش من تەنیا دەتوانم لە بۆنە نەتەوەیی و ئاهەنگەکان بەرهەمەکانم پێشکەش دەکەم، هەر لەبەر ئەمەش ئەمە یەکەم سیدی منە.

*** ئایـــا کەســێك نییـــە یارمەتیـــت بـــدات؟ بـــۆ ئـــەوەی خزمەتێکـــی زیاتـــر بـــە هونـــەری کـــوردی بکەیـــت؟**

-ئەم مەسەلەیە واتە یارمەتیدانی هونەرمەندان دەگەڕێتەوە بۆ ویژدانی بزووتنەوەی کوردان و پارتییە کوردییەکان، من لەلایەن خۆمەوە جیاوازی ناخەمە نێو پارتیە کوردییەکان، من بەشداری ئاهەنگەکانیان دەکەم و گۆرانیـــان بۆ دەڵێم لە بنەماڵەکەی ئێوە گۆرانیبێژ هەیە، تۆ ئیلهامت لە کێ وەرگرتووە؟

-لە بنەماڵەکەی ئێمە هونەرمەندی تێدا نەبووە، لەبەر ئەوەی دایکم زۆر گوێی لە ئایشەشان دەگرت منیش لە ژێر کاریگەری ئەودا گوێم لە ئایشەشـــان گرتـــووە، ئیتر کەوتۆتە دڵی من لـــە ڕوحی مندا جێ گرتووە، جگە لە ئایشەشـــان کاریگەری مەریم خان لە سەرمن هەبووە، بەڵام لەبواری ئیلهام وەرگرتن من ئیلهامم لە(محەمەد شـــیخۆ ) خوا لێخۆشـــبوو وەرگرتووە جگە لەوەی دڵم زۆر بە گۆرانییەکانی تەحسین تەها و گوڵســـتان پەروەر ئاســـوودە دەبێت، من لـــە تەمەنی منداڵیدا هیواداربووم بتوانم وەکو گولستان لە ئاهەنگەکان گۆرانی بڵێم بەشداری خزمەتی هونەری کوردی بکەم.